# زانیاری و داتاکانی تۆ بۆ NHS زۆر گرنگن

زانیاری سەبارەت بە تەندروستی و چاودێری تۆ یارمەتی ئێمە دەدات کە چاودێری کەسی تۆ باشتر بکرێت، هەروەها دەسنیشانکرنەکان خێراتر بکرێت و پلانی خزمەتگوزارییەکانی ناوچەیی تۆ باشتر بکرێت و توێژینەوە وگەڕان بکرێت بۆ چارەسەرە نوێیەکان.

لە مانگی مەی (ئایار) 2018، یاسای ورد و تەواو دەربارەی ئەوەی کە چۆن ئەم داتایانـە بەکاربێـت یان چۆن بەکارنەیەت دێتە ئاراوە و توندتر قایمتر دەکرێتەوە. NHS زۆر پەیوەسـتە بەوەی کە زانیاری نەخۆش بە شـێوەیەکی سەلامەت بهێڵێتەوە وهەموو کاتێک ڕوون و ئاشـکرا بێت لەوەی کە چۆن ئەم داتایانە بەکاردەهێنێت.

تۆ دەتوانیت سەربەست بیت لە هەڵبژاردنی بژاردەکانی ئەوەی کە ئاخۆ زانیاری تایبەتی نەخۆش بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی توێژینەوە و گەڕانی زانستی و پلان دانان.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئێرە بکە: **nhs.uk/your-nhs-data-matters**

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە مافەکانی زانیاری و داتای خۆت تکایە سەردانی (کەمپینی زانیارییەکانی تۆ گرنگە) بکە Your Data Matters Campaign لە
ico.org.uk

YOUR DATA MATTERS

ico.
Information Commissioner's Office

**تۆ دەتوانیت سەربەست بیت لەوەی بڕیار بدەیت کە ئایا زانیاری تایبەتی نەخۆش بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی توێژینەوە و گەڕانی زانستی و پلان دانان.**

## داتاکانی تۆ چۆن بەکاردێن

زانیاری تەندروستی و چاودێری تۆ بەکاردەهێنرێت بۆ باشترکردنی چاودێری کەسی تۆ. هەروەها ئەم زانیاریانە بەکاردێت لە یارمەتیدانی ئێمە بۆ توێژینەوەی زانستی و چارەسەرە نوێیەکان، هەروەها بڕیاردان لەوەی کە نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی (GP) لەکوێ دابنرێت.هەروەها پلان بۆ ژمارەیەک لە پزیشکەکان و پەرستارەکان دابنرێت لە نەخۆشخانەی ناوچەیی تۆ. هەرچەند بکرێت ئێمە هەوڵ دەدەین کە ئەو داتایانە بەکاربهێنین کە تۆ دیاری ناکات، بەڵام هەندێک کات پێویستە کە زانیاری نەخۆشی تایبەت بە تۆ بەکاربهێنین.

## زانیاری تایبەتی نەخۆش چییە؟

زانیاری تایبەتی نەخۆشی تۆ دەستنیشان دەکات و هەندێک شت دەڵێت سەبارەت بە تەندروستی، چاودێری یان چارەسەری تۆ. تۆ چاوەڕێ دەکەیت کە ئەم زانیارییانە بە تایبەتی و نهێنی بپارێزرێن. ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەردەخات، وەکوو ناو و ناونیشان (ئەدرەس)ی تۆ، ئەمانە دانانرێن بە زانیاری تایبەتی نەخۆش و لەوانەیە هەر بەکاربهێنرێن: بۆ نموونە، بۆ پەیوەندی کردن بە تۆوە ئەگەر نورینگەی پزیشکی گشتی تۆ لەگەڵ دانەیەکی دیکە یەکیانگرت.

## کێ دەتوانێت زانیاری تایبەتی نەخۆش بەکاربهێنێت بۆ توێژینەوەی زانستی و پلان دانان؟

ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنرێن لەلایەن NHS، دەسەڵاتەکانی خۆجێیی، زانکۆ و توێژەرانی نەخۆشخانەکان، کۆلێجەکانی تەندروستی و کۆمپانیاکانی دەرمانسازی کە توێژینەوە دەکەن بۆ چارەسەری تازە.

## هەڵبژاردنی بژاردەی بەشدارنەبوون و هاتنەدەرەوە

تۆ دەتوانیت ئەوە هەڵبژێریت کە بەشدار نەبیت لەوەی کە زانیاری نەخۆشی تایبەت بە خۆت بەکاربهێنرێت بۆ توێژینەوە و پلان دانان. لەوانەیە هەندێک کات هەبێت کە زانیاری نەخۆشی تایبەت بە تۆ بەکاربهێنرێت: بۆ نموونە، لە کاتی بوونی پەتا و درم کە لەوانەیە مەترسی بۆ سەر تەندروستی خۆت و کەسانی دیکە دروست بکات. هەروەها تۆ هێشتا هەر دەتوانیت کە ڕەزامەندبیت بۆ بەشداری کردن لە پرۆژەی توێژینەوەی دیاریکراودا.

## ئایا هەڵبژاردنی بژاردەی بەشدارنەبوون و هاتنەدەرەوە کاریگەری دەبێت لەسەر چاودێری و چارەسەرییەکانی تۆ؟

نەخێر، زانیاری نەخۆشی تایبەت بە تۆ تەنها بەکاردێت بۆ چاودێری کەسی تۆ. هەڵبژاردنی بژاردەی بەشدارنەبوون و هاتنەدەرەوە کاریگەری لەسەر چاودێری و چارەسەرەکانی تۆ نابێت. تۆ هەر بانگهێشت دەکرێیت بۆخزمەتگوزارییەکانی پشکنین. وەکوو پشکنین بۆ نەخۆشی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە.

## تۆ لەمە بەدواوە پێویستە چی بکەیت؟

تۆ پێویست ناکات هیچ بکەیت ئەگەر تۆ دڵخۆشیت و کێشەت نییە سەبارەت بەوەی کە چۆن زانیاری نەخۆشی تایبەت بە خۆت بەکاربهێنرێت.

ئەگەر تۆ نەتەوێت کە زانیاری نەخۆشی تایبەت بە خۆت بەکاربهێنرێت بۆ توێژینەوە و پلان دانان، تۆ دەتوانیت بژاردەی بەشدارنەبوون و هاتنەدەرەوە هەڵبژێریت بەشێویەکی ئەمن لە ڕێگەی ئۆنلاین یان لە ڕێگەی خزمەتگوزاری تەلەفۆنەوە.

**تۆ هەموو کاتێک دەتوانیت بژاردەکەت بگۆڕیت.**

بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر یان بۆ هەڵبژاردنی بژاردەکەت تکایە سەردانی ئەم لینکە بکە **nhs.uk/your-nhs-data-matters** یان پەیوەندی بکە بەم ژمارە تەلەفۆنەوە **0300 303 5678**